# داهاتووی تورکیا لە سووریا: ستراتیژیی سیاسی و ئاسایشی و سەربازیی تورکیا لە پاش بەشار ئەسەد

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی ـ زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

سووریا لە ڕووی جیۆستراتیژییەوە گرنگییەکی بەرچاوی هەیە بۆ تورکیا لە بوارەکانی سیاسی و ئاسایشی و سەربازییەوە. ئەم گرنگییە زیاتر دوای دەستپێکردنی "پەکەکە" بە چالاکییە سەربازییەکانی دژی تورکیا هەستی پێ کرا. گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەنقەرە و دیمەشق هەر لەسەرەتاکانی دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە دەستی پێ کردووە، بەتایبەت لەسەر شاری "هەتای" کە سووریا بەردەوام بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەم ناوچەیە بەشێکە لە خاکی سووریا. جگە لەمە سنووری نێوان ئەم دوو وڵاتە نزیکەی 911 کیلۆمەترە. بۆیە دەبینین کێشەی دیکەی وەکوو گرفتی ئاو و تیرۆر، گرنگترین دوو بابەت بوون کە بەردەوام پەیوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتەی گەیاندۆتە بنبەست.

چالاکییەکانی پەکەکە و ڕێکخراوی ئەسالا (سوپای نهێنیی ئەرمەنستان بۆ ڕزگارکردنی ئەرمینیا - ASALA ""Armenian Secret Army for Liberation of Armenia") لە کۆتاییی حەفتاکان و ساڵانی هەشتاکان، تورکیای زۆر نیگەران کرد، چونکە یەکێك لەو وڵاتانەی کە پاڵپشتیی لەم دوو ڕێکخراوە دەکرد سووریا بوو. گرژییەکانی نێوان ئەنقەرە و دیمەشق لە نەوەدەکان گەیشتە لووتکە و تەنانەت هەردوو لا گەیشتنە لێواری پێکدادانی سەربازی، تا لە ساڵی 1998 سووریا لە ڕێگەی واژۆکردنی "ڕێککەوتننامەی ئەدەنە" لەگەڵ تورکیا، بەتەواوەتی ڕازی بوو بە مەرجەکانی تورکیا لەبارەی ڕاگرتنی یارمەتییەکانی بۆ پەکەکە. بەم شێوەیە قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا دەستی پێ کرد؛ بەڵام لەگەڵ دەستپێکی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە هەندێك لە وڵاتە عەرەبییەکاندا لە ساڵی 2011، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و سووریا دیسانەوە پێی لە قۆناغێکی پڕ لە کێشمەکێش و گرژی و ناسەقامگیری نایەوە و بەهۆی تێکچوونی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنیی سووریا و پاڵپشتیکردنی ئەنقەرە لە هەندێك گرووپی چەکدار لە دژی ڕژێمی ئەو کاتەی ئەسەد، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و سووریا گەیشتە بنبەست و بەتەواوەتی تێك چوو.

لە 7 و 8 ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2024 ڕژێمی ئەسەد بەتەواوەتی ڕووخا و دەسەڵات لە سووریا جگە لە ناوچەی ڕۆژاوا، بەتەواوەتی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی "هەیئەی تەحریری شام" بە سەرکردایەتیی "ئەحمەد ئەلشەرع" کە پێشتر بە "موحەمەد جۆلانی" ناسرابوو. ئەم هاوکێشە نوێیە، بێ گومان کاریگەریی هەیە لەسەر ناوچەکە و بەتایبەت لەسەر تورکیا کە سنوورێکی دوورودرێژی هەیە لەگەڵ سووریا. بۆیە ئەنقەرە لە

ڕووی سیاسی، ئەمنی و سەربازییەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم هاوکێشە نوێیە، کە لە سووریا و ناوچەکەدا هاتۆتە ئارا.

لە بابەتی ئەم جارەمان هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر داهاتووی تورکیا لە سووریا لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و سەربازییەوە.

**ئامانجی سەرەکیی تورکیا لە سووریا چییە؟ تورکیا چ جۆرە سووریایەکی دەوێت؟**

دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا، وڵاتانی هەرێمی و جیهانی لەنزیکەوە و بەچڕی چاودێریی ڕووداو و پێشهاتەکان دەکەن لە سووریا، بەتایبەت هەڵسوکەوتی هەیئەی تەحریری شام و سەرۆکەکەی (ئەحمەد ئەلشەرع). لەسەرەتادا وەکوو مەرجی پێشوەختە لایەنە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت هەندێك هێزی هەرێمییش پاڵپشتیی مەرجداریان بۆ دەسەڵاتە نوێیەکەی سووریا ڕاگەیاند. لەم چوارچێوەیەدا تورکیاش بە حوکمی ئەوەی سنوورێکی فراوانی لەگەڵ سووریا هەیە و هەر ڕووداو و پێشهاتێك ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت بۆ سەر تورکیا، بۆیە ئەنقەرە بەراورد بە لایەنەکانی تر زیاتر خۆی بە سووریاوە سەرقاڵ کردووە و لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی کار بۆ ئەوە دەکات هاوکێشە و هاوسەنگییە نوێیەکەی سووریا لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەنقەرە نەبێت. لەبەر ئەم هۆکارەیە دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە وەڵامی پرسیاری "تورکیا چ جۆرە سووریایەکی دەوێت و ئامانجی لەم وڵاتەدا چییە؟" بدەینەوە:

**یەکەم:** بەر لە هەموو شتێك تورکیا لە ڕووی ئەمنییەوە نایەوێت شێوازێکی حوکمڕانی لەودیوی سنووری لەگەڵ سووریا بێتە ئارا کە ببێتە مەترسیی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی. پێش ڕووخانی ئەسەدیش ئەنقەرە پێشنیاری ئەوەی دەکرد ناوچەیەکی ئاشتی بە درێژایی 480 کیلۆمەتر و بە قووڵیی 30 کیلۆمەتر دروست بکرێت بە مەبەستی جێگیرکردنی پەنابەرە سوورییەکان تیایدا. بەڵام ئەم پێشنیارە لەلایەن هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە قبووڵ نەکرا و، پێش ناچێت دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد ئەمە قبووڵ بکرێت. بەڵام ئێستا بەئاشکرا هەم بەرپرسانی تورکیا و هەمیش دەسەڵاتی نوێی سووریا داوا دەکەن چەك لەژێر چەتری سوپایەکی یەکگرتووی سووریا کۆ بکرێتەوە و کۆتایی بە میلیشیا چەکدارەکان بهێنرێت.

لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کەوا تورکیا بە هیچ شێوەیەك ڕازی نابێت "هەسەدە" کۆنترۆڵی ڕۆژاوا بکات بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە. بۆیە درێژە بە گوشارەکانی دەدات بۆ ئەوەی ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە، چونکە بوونی چەکدارانی نزیك پەکەکە لە ڕۆژاوا بە مەترسی دەبینێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی. وەزیری دەرەوەی تورکیا هاکان فیدان ڕای گەیاند ئەگەر نیگەرانییەکانی تورکیا لەم بابەتە بەهەند وەرنەگیرێت، ئەوە پەنا دەبەنە بەر بژاردەی بەکارهێنانی هێز و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە ڕۆژاوادا.

کەواتە ئامانجی سەرەکیی ئەنقەرە لە سووریا، سووریایەکی بێمەترسییە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی خۆی و، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەیشی سەرجەم تواناکانی دەخاتە گەر.

**دووەم:** تورکیا دەیەوێ لە سەرجەم قۆناغەکانی پێکهێنان و بنیاتنانی دەوڵەت لە سووریا بەشدارێکی کاریگەر بێت. لەسەرووی هەموویان پێکهێنانی سوپای نوێی سووریا دێت. ئەنقەرە دەیەوێ ڕۆڵ و لە کاتی نانەوەی هەنگاوەکانی پێکهێنانی سوپادا پێگەی هەبێت، بۆ ئەوەی سوپایەك پێك نەهێنرێت لە داهاتوودا ببێتە

هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی تورکیا.

نەهێشتنی میلیشیا چەکدارەکان، بەتایبەت چەکدارانی "یەپەگە" و کۆنترۆڵکردنیان خاڵێکی جەوهەرییە بۆ ئەنقەرە، چونکە ئەنقەرە لە لایەك کار لەسەر نەهێشتن و لاوازکردنی گرووپە چەکدارەکانی نزیك پەکەکە دەکات و، لە لایەکی دیکەوە نایەوێ ئەم چەکدارانە لە سوپای نوێی تورکیادا بەشدار بن. بۆیە ئەگەر توانرا ئەم چەکدارانە بهێنرێنە ناو سوپای سووریا، ئەوە لەوانەیە مەترسییەکانی بۆ ئەنقەرە زیاتر بێت؛ لەبەر ئەم هۆکارەیە بەرپرسانی تورکیا نایەنەوێ سیناریۆی بەیاساییکردنی ئەم جۆرە میلیشیایانە، وەکوو ئەوەی لە عێراق ڕووی دا، لە سووریاش دووبارە ببێتەوە. کەواتە ئامانجێکی دیکەی ئەنقەرە لە سووریا بریتییە لەوەی کە نایەوێ سوپایەك دروست بێت و تیایدا چەکدارانی "یەپەگە" بەشدار بن، چونکە ئەمە لەوەی ئێستا هەیە مەترسیدارتر دەبێت بۆ تورکیا. واتە کۆنترۆڵکردنی سوپا لە سووریا، لە ئەولەوییەتەکانی تورکیایە لە سووریا.

لەم چوارچێوەیەدا تورکیا هەوڵ دەدات بە سەرکردایەتیی ئەنقەرە و لەژێر چەتری ناتۆدا ئەرکی پێگەیاندن ومەشقپێکردنی سوپا نوێیەکەی سووریا لە ئەستۆ بگرێت. بێ گومان لەوانەیە ئەم ئامانجە سەختە بەدی بهێنرێت بەڵام هیچ دووریش نییە ئەردۆغان و ترەمپ لەسەر ئەم بابەتە ڕێك بکەون.

**سێیەم:** "سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی سووریا" قۆناغێکی گرنگ و جەوهەرییە لە سووریا. دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، هەوڵەکانی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی سووریا، زۆر خێراش نەبێت، خەریکە دەست پێ بکاتەوە. بێ گومان ئەنقەرە ئامانجیەتی بەچڕی و وەکوو وڵاتێکی کاریگەر لەم پرۆسەیەدا بەشدار بێت. هەر لەم چوارچێوەیەدا لە دوایین کۆبوونەوەی کابینەی حکوومیی ساڵی 2024 کە لە 23ی کانوونی یەکەمدا بە سەرۆکایەتیی سەرۆککۆماری تورکیا، ئەردۆغان، بەڕێوە چوو، بابەتی گەیاندنی یارمەتییەکان بە سووریا لەنێو ئەو بابەتانە بوون کە تاوتوێی لەبارەوە کراوە و ئەنقەرە زۆر بەگرنگییەوە دەڕوانێتە ئەم بابەتە؛ چونکە ئەم بابەتە هەم لە ڕووی ئابووری و بازرگانی و داراییەوە سوودی زۆری بۆ تورکیا دەبێت و هەمیش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێگەی تورکیا لە سووریا دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرزتر.

**چوارەم:** ئامادەکارییەکانی دەستوورێکی نوێ بۆ سووریا، بابەتێکی گرنگی دیکەیە کە تورکیا دەیەوێ لەنزیکەوە کاریگەریی هەبێت لەسەری؛ بۆ نموونە دیاریکردنی ناوی وڵات کە ئەنقەرە جەخت لەسەر ناوە کۆنەکەی سووریا دەکات کە بریتییە لە "کۆماری عەرەبیی سووریا"؛ هەروەها لە هەمان کاتدا دژایەتیی سیستەمی فیدڕاڵی دەکات و جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی سووریا دەکاتەوە. ئەم خاڵە جەوهەرییانە گرنگترینی ئەو خاڵانەن کە ئەنقەرە دەیەوێت لە دەستووری نوێی سووریا جێگیریان بکات.

لە لایەکی دیکە ئەنقەرە هەوڵ دەدات گرووپە چەکدارەکانی نزیك خۆی لە سووریا بگەنە دەسەڵات و، پێگە و قورساییی خۆیان تیایدا هەبێت. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ئامادەکارییەکانی دەستووری نوێی سووریا بابەتێکی دیکەیە کە تورکیا بەجددی کاری لەبارەوە دەکات.

**کاریگەریی ڕووخانی بەشار ئەسەد لەسەر بارودۆخی سیاسیی ناوخۆیی و پرۆسەی ئاشتی و کرانەوە لە تورکیا**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی بووەتە گۆڕەپانێکی سەرنجڕاکێش بۆ چەندان گۆڕانکاریی خێرا و

هەنووکەیی لەسەر ئاستە جیاوازەکاندا، بەڵام خاڵی بنەڕەتی لەم بارەیەوە، ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەری ساڵی 2023 بوو. ئەم ڕووداوە بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت لە ڕووی دەستپێکردنی گۆڕانکارییەکان لە هاوکێشە سیاسی و ئەمنییەکانی ناوچەکە. لەم چوارچێوەیەدا ئیسرائیل کاری لەسەر کەمکردنەوەی نفووز (دەستڕۆیشتوویی)ی ئێران کرد لەناوچەکەدا و دەستی کرد بە هێرشکردنە سەر هێزە پرۆکسییەکانی تاران لە فەلەستین و لوبنان و یەمەن؛ هەروەها دیارترین سەرکردەکانی حەماس و حزبوڵڵای لوبنانی کردە ئامانج. لە دەرەنجامی ئەم پێشهات و ڕووداوانە سووریاش پشکی گۆڕانکارییەکانی بەر کەوت و لە کۆتاییدا ڕژێمی ئەسەد لە ماوەی یازدە ڕۆژدا کۆتایی پێ هات و ڕووخا.

ئەم ڕووداو و پێشهاتانە کاریگەریی ڕاستەخۆیان لەسەر ناوچەکە، بەتایبەت تورکیا هەبوو، چونکە تورکیا بەهۆی پێگە جیۆستراتیژییەکەیەوە کەوتۆتە ناو جەرگەی ڕووداوەکان. بۆیە دەبینین ئاک پارتی و هاوپەیمانانی، پێش ڕووخانی ئەسەد کەوتنە خۆ و بابەتی کرانەوەی ناوخۆییان خستە ڕوو.

دوای نزیکەی ساڵێک لە ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەر و، ڕێک لە 22ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2024، سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا (دەوڵەت بەخچەلی) پێشنیارە سەرەنجڕاکێشەکەی دەربارەی ئۆجەلانەوە ڕاگەیاند، کە تیایدا پێشنیاری ئەوەی کرد، کە ئۆجەلان لە پەرلەمانی تورکیا و لە گرووپی دەم پارتی هەڵوشانەوەی پەکەکە و کۆتاییهێنان بە چالاکیی چەکداری ڕابگەیەنێت. ئەم هەنگاوەی توندڕەوترین حزبی نەتەوەپەرست لە تورکیا خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەك بوو بۆ ئەو گۆڕانکارییە گرنگ و جەوهەرییانە کە پێشبینی دەکرێت لە قۆناغەکانی داهاتوودا لەناوچەکەدا سەر هەڵبدەن.

کەواتە کاریگەریی یەکەمی ڕووخانی ئەسەد لەسەر بارودۆخی سیاسیی ناوخۆی تورکیا، بریتییە لەوەی کە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کوردانی ڕۆژاوا هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی ئیداری و تەنانەت سەربەخۆیی سیاسیی سنووردار بنێن. بۆیە ئەم تابلۆیە، ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت بۆ سەر کورد و پرۆسەی کورد لە تورکیا؛ ئەمە جگە لەوەی پەکەکە تا ڕاددەیەکی باش کۆنترۆڵی ڕۆژاوای کردووە؛ ئەمەیش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت بۆ سەر تورکیا. کەواتە هەر دەسکەوتێك کورد لە ڕۆژاوا بەدەستی بهێنێ، ئەوە دەبێتە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی دەسەڵاتدارانی تورکیا.

ئەوەی نیمچەگەرەنتیکراوە ئەوەیە کە بارودۆخی کورد لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا، جیاوازتر دەبێت بەراورد بە بارودۆخی کورد لە سووریای سەردەمی ئەسەددا. ئەمەیش دەبێتە هۆی گۆڕینی هاوکێشەکان و لەوانەیە جۆرە ناسەقامگیرییەك لەسەر ئاستی ناوخۆیی تورکیادا دروست بکات. هەر لەم چوارچێوەیەدا دەبینین ئاک پارتی و هاوپەیمانانی دەستیان بە بانگەشە کردووە بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە دانوستان و کرانەوەی سیاسیی ناوخۆیی و دەستپێکردنی گەڕێکی نوێی دانوستان لەگەڵ ئۆجەلان. هەرچەندە پێشبینی دەکرێت بابەتی دەستپێکردنی پرۆسەی کرانەوەی سیاسیی ناوخۆیی لەلایەن ئاک پارتی و هاوپەیمانانییەوە بۆ هەندێك مەرامی سیاسیی خۆیان بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە ئەویش بریتییە لەوەی کەوا هەوڵەکانی ئاک پارتی و هاوپەیمانانیان بۆ پرۆسەی کرانەوەی سیاسی، زیاتر بۆ ڕاکێشانی دەنگی دەنگدەری کوردە؛ هەروەها ئەردۆغان ئێستا پێویستیی بە هەموار یاخود گۆڕینی دەستوور هەیە بۆ ئەوەی دەرفەتی خۆکاندیدکردنی هەبێت بەبێ کێشە بۆ قۆناغەکانی داهاتوو بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا؛ بەڵام نکۆڵی لەوەیش ناکرێت کە گۆڕانکاریی بارودۆخی ناوچەکە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاستی ناوخۆیی سیاسیی تورکیا هەیە.

بوونی هەسەدە لە ڕۆژاوا خاڵێکی دیکەیە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بارودۆخی سیاسیی ناوخۆی تورکیا دەبێت، بەتایبەت ئەگەر هەسەدە (زیاتر مەبەست لێرە یەپەگەیە) ڕازی نەبوو چەک دابنێت؛ چونکە ئەنقەرە لە لایەک و دەسەڵاتی نوێی سووریا لە لایەکی دیکە، گوشار دەخەنە سەر هەسەدە بۆ ئەوەی چەک دابنێت، بەڵام تا ئێستا هەسەدە بەم پێشنیارانە ڕازی نەبووە و سوورە لەسەر هەڵوێستی ئێستای خۆی. ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، چەندان جار ڕای گەیاندووە ئەگەر یەپەگە چەک دانەنێت لە سووریا، ئەوە ڕووبەڕووی هێرشەکانی تورکیا دەبێت و، تەنانەت هەڕەشەی لە چەکدارانی یەپەگە کردووە کە خۆیان و چەکەکانیان بەیەکەوە دەیانێژن!

بەم شێوەیە هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی تورکی بۆ سەر خاکی سووریا، ئەوا تێچوو و زیانی زۆری بۆ تورکیا دەبێت؛ هەروەها هەم لە ڕووی دارایی و هەمیش لە ڕووی ئەمنی و سەربازی و گیانییەوە ئەرکێکی قورسە بۆ ئەنقەرە. ئەمەیش بەش بە حاڵی خۆی ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت بۆ سەر ژیانی سیاسیی ناوخۆی تورکیا.

لە ئەنجامدا دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە تێچوو و بەهای ڕووخانی ئەسەد بۆ ئەنقەرە زۆر دەبێت ئەگەر هەسەدە بەپێی داواکارییەکانی تورکیا و دەسەڵاتی نوێی سووریا هەڵسوکەوت نەکات لە لایەک و، ئەمریکاش ئەگەر درێژە بە پاڵپشتیکردنی هەسەدە بدات لە لایەکی تر. بۆیە هەرچەندە وا دەردەکەوێت کە گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندیی تورکیایە لە سووریا- تەنانەت ئاراستەیەك لە تورکیا، ڕووخانی ئەسەد وەکوو سەرکەوتنێك دەبینن، بەڵام لەوانەیە لە داهاتوودا بارودۆخ و پێشهاتەکان لە سووریا بە ئارەزوو و ویستی ئەنقەرە نەبێت، بەتایبەت لە ڕۆژاوا. هەروەها وڵاتانی کەنداوی وەکوو سعوودیا و ئیماراتیش بەرژەوەندییەکانیان لە سووریا لەوانەیە لەگەڵ تورکیا یەك نەگرنەوە و ململانێیەکی بەرژەوەندییەکان لە نێوان تورکیا و قەتەر لە بەرەیەك و سعوودیا و ئیمارات لە بەرەی بەرامبەر سەر هەڵبدات؛ ئەمە جگە لەوەی کە چاوەڕوان دەکرێت لەسەر ئاستێکی نزمیش بێت، تاران هەوڵ بدات لە ڕێگەی عەلەوی و دروزییەکانەوە لانی کەم ئاسایش و سەقامگیریی سووریا تێك بدات.

**هێزەکانی لایەنگری تورکیا لە داهاتووی سووریا چ پێگەیەکیان دەبێت؟**

ئەنقەرە زۆر بەجددی کار لەسەر ئەوە دەکات هێز و چەکدارانی نزیك خۆی بەشداری لە پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی سووریا بکەن. سەرەتا هەوڵەکانی خۆی بۆ جێگیرکردنی ئەم گرووپە چەکدارانە لەناو ڕیزەکانی سوپای نوێی سووریا چڕ کردۆتەوە و لەم چوارچێوەیەدا گرووپە چەکدارە نزیکەکانی ئەنقەرە لە سووریا دەستبەجێ وەڵامی داواکارییەکەی "ئەحمەد ئەلشەرع"یان داوەتەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە سوپای نوێی سووریا دەربڕیوە. بەم شێوەیە ئەم چەکدارانە لانی کەم قورساییەك لەنێو سوپای سووریای نوێدا پێك دەهێنن. لە لایەکی دیکە لە پاڵ لایەنە سەربازییەکەوە، ئەنقەرە لە ڕێگەی گوشارەکانییەوە بۆ سەر دەسەڵاتی نوێی سووریا، کار بۆ بەشداریکردنی چەکدارە نزیکەکانی لە پرۆسەی سیاسی لە سووریا دەکات؛ هەروەها هەر لە ئێستاوە هەوڵ دەدرێت ئەم گرووپانە خۆیان لە کاری سیاسی و حزبی ڕابهێنن و، کار دەکەن بەپێی هەلومەرجە نوێیەکان بزووتنەوە و حزبە سیاسییە مەدەنییەکان لە چوارچێوەی سووریای نوێدا پێك بهێنن. واتە ئەنقەرە ڕژدە لەسەر دامەزراندنی باڵی سیاسی و مەدەنیی ئەو گرووپە چەکدارانە، چونکە لەوانەیە لە قۆناغەکانی داهاتوودا کاری سیاسیی حزبی لە چوارچێوەی سووریای دوای ئەسەد زۆر خاڵێکی گرنگ بێت.

هەر لەم نێوەندەدا سەرۆککۆماری تورکیا، ئەردۆغان، دوای کۆبوونەوەی کابینەی حکوومەتەکەی لە ڕێکەوتی (23/12/2024) ڕای گەیاندبوو جێگەی خۆشحاڵییە کە دەبیستین ئەوانەی لە تورکیا خوێندنیان تەواو کردووە، لە سووریای نوێدا پۆستی حکوومییان پێ دراوە. کەواتە هەنگاوێکی دیکەی تورکیا لە سووریا، بریتییە لەوەی کەسانی نزیك خۆی یاخود ئەو ناوانەی کە دۆستی تورکیان، لە دەسەڵاتە نوێیەکەی سووریادا شوێنیان بکرێتەوە.

بەرامبەر ئەمە، خاڵێکی دیکەی جەوهەری کە ئەنقەرە پێیەوە سەرقاڵە، ئامادەکارییە بۆ قۆناغەکانی نووسینەوەی دەستووری نوێی سووریا. لەم پرۆسەیەدا ئەنقەرە زۆر بەجددی کار لەسەر ئەوە دەکات، لانی کەم گرووپ و ناوە نزیکەکانی خۆی لەم پرۆسەیەدا بەشدار بن، چونکە دەستوور لە داهاتووی سووریادا کاریگەری و ڕۆڵی زۆر گرنگی دەبێت و ئەنقەرەش نایەوێت لەم قۆناغەدا هیچ قورسایی، پێگە و قسەی نەبێت. بێ گومان ئەنقەرە دەیەوێ ئەم کارانە ئەنجام بدات، بەبێ ئەوەی سەرنجی لایەنە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ بابەتەکە ڕابکێشێت؛ واتە ناڕاستەوخۆ و ژێربەژێر لەسەر ئەم بابەتە کار دەکات؛ بەتایبەت هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا بە حوکمی ئەوەی پێشتر سەرۆکی دەزگەی هەواڵگریی تورکیا (میت) بوو، شارەزایی و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ گرووپ و لایەن و کەسایەتییە دیارەکانی سووریا هەیە و تەنانەت چەندان جاریش لە قۆناغەکانی ڕابردوودا سەردانی سووریای کردووە.

لە ئەنجامدا ناتوانین بە شێوەیەکی ڕەها بانگەشەی ئەوە بکەین کە لایەنگرانی تورکیا لە سووریا، پێگەیەکی زۆر زۆر کاریگەریان دەبێت، چونکە سووریای نوێ لەژێر چاودێریی ئیسرائیل بنیات دەنرێت و، ئیسرائیلیش بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادات سیناریۆی هەژموونی ئێران لە سووریا دووبارە بێتەوە. واتا تەلئەڤیف کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کۆتایی بە هەژموونی تاران هێنا لە سووریا، بۆ ئەوە نەبوو تورکیا ببێتەوە شوێنگرەوەی ئێران، بەڵکوو با ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئیسرائیل سووریایەکی لاواز لە ڕووی سەربازی و ئەمنی و سیاسیی دەوێت، چونکە لەگەڵ ڕووخان و دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا، ئیسرائیل سەدان هێرشی سەربازیی کردۆتە سەر سووریا و بەنزیکەیی تەواوی توانا سەربازییەکانی سووریای کۆتایی پێ هێناوە. بۆیە مەحاڵە دیسان ڕێگە بە دەسەڵاتی نوێی سووریا بدات خۆی پڕچەك بکات و سوپاکەی بەهێز بکات.

**پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا و ململانێی ئەنقەرە لەگەڵ ئەکتەرەکانی دیکە بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟**

پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا لە لایەك و ململانێی نێوان ئەنقەرە و تەلئەڤیف و تاران لە سووریا لە لایەکی دیکە، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان دەبێت بۆ سەر پێگەی تورکیا لە سووریای دوای بەشار ئەسەد. لەم چوارچێوەیەدا سەرەتا پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن وەکوو دوو هێزی کاریگەر لە ناوچەکە ڕۆڵی بەرچاوی لە دیاریکردنی داهاتووی سووریا دەبێت.

دەتوانین کاریگەریی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا بۆ سەر سیاسەتی تورکیا لە سووریا، لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

ئەوی لە لای دۆناڵد ترەمپ گرنگە، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایە و وەکوو "پیاوێکی کار" مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکان دەکات؛ بۆ نموونە پێش هەر هەنگاوێك بیر لەوە دەکاتەوە ئەم هەنگاوە چ قازانجێکی بۆ ئەمریکا و پێگەی ئەمریکا هەیە؟ بۆیە لەبەر ئەم هۆکارەیە پێشبینیی ئەوە دەکرێت ئەم جارەیان ئەردۆغان مامەڵەیەکی

پراگماتییانە لەگەڵ ترەمپ بکات بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی هاوبەشی هەردوو لا، چونکە لانی کەم ئەردۆغان خاوەن ئەزموونێکی باشە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرۆکەکانی ئەمریکا. واتە لە ساڵی 2003وە تا ئەمڕۆ ئەردۆغان کاری لەگەڵ چوار سەرۆکی ئەمریکیی جیاواز کردووە کە بریتین لە هەر یەکە لە: جۆرج دەبلیۆ بوش، باراك ئۆباما، دۆناڵد ترەمپ، جۆ بایدن. ئەمەیش بێ گومان ئەزموونێکی باشی بەخشیوەتە ئەردۆغان، بەتایبەت لە نێوان ساڵانی (2016–2020) کاری لەگەڵ ترەمپ کردووە. لەم قۆناغەدا گرنگترین کێشەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن بریتی بوون لە: کێشەی کڕینی S-400 بڕیاری کۆنگرێس دەربارەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان، کێشەی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی، بابەتەکانی یۆنان و قوبرس، گەڕاندنەوەی قەشە برۆنسۆن بۆ ئەمریکا، بابەتی گەڕاندنەوەی گولەن بۆ تورکیا و داوای خەلق بانك، دیارترین ئەو بابەتانە بوون کە گرفتی لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا دروست کردبوو. بەڵام بەهۆی ئەوەی بارودۆخ و ژینگەی هەرێمی و جیهانی، ئێستا زۆر جیاوازە بەراورد بە ساڵانی (2016–2020)، بۆیە پێشبینی دەکرێت پەیوەندییە دووقۆڵییەکەی ئەم دوو وڵاتە ئەم جارەیشیان بێگرفت نەبن.

گرنگترین کێشە و گرفت لەوانەیە بابەتی مامەڵەکردن بێت لەگەڵ "هەسەدە – پەیەدە" لە ڕۆژئاوا؛ هەردوو لا تێڕوانینیان بەرامبەر بە چەکدارانی "پەیەدە" زۆر جیاوازە. هەرچەندە ئەم کێشەیە لە قۆناغی ڕابردوویش لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەبوو، بەڵام نەمانی ئەسەد ئەم بابەتە دەگوازێتە قۆناغێکی جیاوازتر. بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەردۆغان پێشنیاری ئەوە بکات کە تورکیا ئامادەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و، لە هەمان کاتدا هاوکاریی ئەوەیش دەکات پارێزگاری بکات لەو گرتووخانانەی کە تیرۆریستانی داعش لەخۆ دەگرن، چونکە گەورەترین بیانووی ئەمریکا بۆ پاڵپشتیکردنی چەکدارانی "یەپەگە" بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و پارێزگاریکردنە لەو گرتووخانانەی کە تیرۆریستانی داعش لەخۆ دەگرن. لەم چوارچێوەیەدا هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا ئامادەیی وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە کە لەم دوو بابەتەدا یارمەتی پێشکەش بکات.

لە لایەکی دیکە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل و، هەروەها تورکیا و ئێران، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر سیاسەتی تورکیا بەرامبەر سووریا دەبێت؛ بەتایبەت ئیسرائیل کە ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد هەبوو، پێ ناچێت ئاوا بەئاسانی واز لە سووریا بهێنێت و ژینگەیەکی ئاوا نالەبار ئامادە بکات تیایدا لایەنێکی وەکوو تورکیا باڵادەست بێت. ستراتیژییەتی ئیسرائیل لە سووریا بریتییە لە ڕێگریکردن لە دروستبوونی سووریایەکی بەهێز؛ هەروەها هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێی کرد، تەلئەڤیف نایەوێت بە هیچ شێوەیەك سوپایەکی بەهێز لە سووریا بنیات بنرێت؛ جگە لەمە با ئەوەیش لەبەرچاو بگرین کە دانیشتووانی ئیسرائیل بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو زۆر زیادی کردووە و پێویستیی بە فراوانبوون هەیە. لەم چوارچێوەیەدا و بۆ ئەم مەبەستە خاکی سووریا، بەتایبەت بەرزاییەکانی جۆلان، بەشێکی گرنگی لەلایەن ئیسرائیلەوە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد داگیر کرا. بەم شێوەیەیش ئیسرائیل هەم لە پێگە ستراتیژییە گرنگەکەی جۆلان و هەمیش لە ڕووی فراونکردنی خاکی ئیسرائیلەوە هەنگاوی جددیی ناوە. ئەم جووڵەیەی ئیسرائیل بێ گومان ئەنقەرەی نیگەران کردووە و هەر لەگەڵ دەستپێکی ئەم جووڵانەی ئیسرائیل، تورکیا هاتنی سوپای ئیسرائیلی بۆ ناو خاکی سووریا لەسەر زاری سەرۆککۆماری تورکیا "ئەردۆغان"ەوە شەرمەزار کرد.

تارانیش هەرچەندە ئێستا وا دەردەکەوێت کە بەهۆی لاوازبوونی هێزە پرۆکسییەکانی لە فەلەستین و لوبنان و یەمەن و سووریا گورزێکی گەورەی بەر کەوتووە، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نایەت کە هیچ ڕۆڵێکی لە

ناوچەکەدا، بەتایبەت لە سووریا، نابێت. ڕاستە خاکی سووریا بەتەواوەتی لە کاریگەریی ئێران دوور خراوەتەوە و هێزە پرۆکسییەکانی ئێران کشاونەتەوە، لێ ئەمە بە واتای ئەوە نایەت کە تاران هیچ کاریگەرییەکی لە سووریا نەماوە، چونکە ڕۆژانی داهاتوو، بەتایبەت ئەگەر نەتوانرا سەقامگیری و ئاسایش بەرپا بکرێت، ئەوکات دوور نییە دووبارە تاران دەست بە جموجۆڵەکانی بکات لە خاکی سووریا. با ئەوەیشمان لەبەرچاو بێت، ئێران لە بابەتی خۆخزاندنەوە بۆ نێو وڵاتانی سووریا و تێکدانی ئاسایشی، ئەزموونێکی باشی هەیە و دووریش نییە لە قۆناغەکانی داهاتوودا، ئەگەر لەسەر ئاستێکی نزمیش بێت، سەقامگیری و ئاسایشی سووریا بکاتە ئامانج. ئەم هەڵویستەی ئێرانیش ڕاستەوخۆ دژی هەڵوێستەکانی تورکیایە لە سووریا؛ واتە بەرژەوەندیی هەردوو لا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. بەڵام سەرەڕای ئەم جیاوازییانە، ئەنقەرە زۆر گرنگی بەوە دەدا کە ناهێڵێت بەئاسانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران بەتەواوەتی بپچڕێنێت.

**کۆبەند**

سووریا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دیاریکردنی هاوکێشەکاندا پێگە و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. هەر گۆڕانکارییەك لەم وڵاتەدا، بێ گومان لێکەوتەی زۆری دەبێت. بە حوکمی ئەوەی تورکیاش سنوورێکی دووردرێژی لەگەڵ ئەم وڵاتەدا هەیە، پێشهات و ڕووداوەکانی سووریا کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ سەر ئەنقەرە دەبێت.

لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا و گەیشتنی هەیئەی تەحریری شام بۆ دەسەڵات بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد ئەلشەرع، لە نێوخۆی تورکیا وەکوو سەرکەوتنێکی ستراتیژی بینرا و لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا بە "فەتحی سووریا" ناوزەد کرایەوە. ڕاستە پێ دەچێت تورکیا لە دوای ڕووخانی ئەسەد هەندێك دەستکەوتی لە سووریا هەبێت، بەڵام پێ ناچێت بارودۆخەکە لە ڕووی ستراتیژی و سیاسی و ئەمنییەوە وەکوو ئەوەی تورکیا ئارەزووی دەکات ببێت و، بەپێچەوانەوە سووریا لەوانەیە لە قۆناغەکانی داهاتوودا لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و سەربازییەوە زۆر ئاستەنگ و گرفت بۆ ئەنقەرە دروست بکات، بەتایبەت لە ڕۆژاوا. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت قۆناغەکانی پێکهێنانی حکوومەتێکی یەکگرتوو، ئامادەکردنی دەستوورێکی نوێ و بابەتی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی سووریا و کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانی سووریا و هەژموونی ئیسرائیل و دەستدرێژییەکانی بۆ سەر خاکی سووریا و ململانێی ئەنقەرە و وڵاتانی کەنداو، هەروەها ستراتیژی و پلانی داهاتووی هەیئەی تەحریری شام، گرنگترین ئەو بابەتانە بن کە پێشبینی دەکرێت ئەنقەرە لە سووریای پاش ڕووخانی بەشار ئەسەد ڕووبەڕوویان ببێتەوە.